**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٤/٩/١٠٩٥ لە ٢٠١٨/٢/٨**

**پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە/٤٥٤٦ لە ٢٠١٧/١٠/١٩ کە تایبەتە بە خەرج کردنی ڕێژەی(١٠%)ی داهاتی کرێی کارەبا بۆ هاندانی ژمێرکاران و چارەسەرکردن و چاککردنەوە و ئیشپێکردنی تۆڕەکانی کارەبا و دابینکردنی کەل و پەلی پێویست بۆ پرۆژەکانی کارەبا بەپێی خشتەی نووسراوتان / ٣٨٩٦ لە ٢٠١٧/٧/١٢ و نووسراوتان ژمارە/٧٠٠٦ لە ٢٠١٧/١٢/٢٦ بڕیاردرا بە :-**

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨**

**یەکەم:** ڕێژەی(٩٠%) داهاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کارەبا لە پارێزگاکان دەبێتە داهاتی کۆتایی .

**دووەم:** خەرج کردنی ڕێژەی(١٠%)ی ئەم داهاتە بە مەبەستی هاندان و چارەسەرکردنی بار زۆری و چاککردنەوە و دەرهێنانی فیدەر و ئیشپێکردنی تۆڕەکانی کارەبا و گەیاندنی کارەبا و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆ کۆگاکان و پرۆژەکان و هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان .

**سێیەم:** ١- لە کۆتایی هەموو مانگێك هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیەك ڕێژەی (٨%) داهاتی خۆی لە چوارچێوەی ڕێژەی (١٠%)ی سەرەوە داوا دەکات بۆ مەبەستەکانی تایبەتمەندی هاتوو لە خاڵی دووەمی سەرەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ب. خەرجییەکان و پاش کردنەوەی ژمێرەیەکی ڕەوان (حساب جاري) بۆ ئەم مەبەستە بۆ( بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کارەبای پارێزگاکان ) .

٢- لە کاتی خەرج کردن لە سەر ڕێژەی (٨%)ی هاتوو لە خاڵی (١)ی سەرەوە دەبێت بەپێی فەرمانی وەزاری وەزارەتی کارەبا خەرج بکرێت و وێنە بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ب. خەرجییەکان .

٣- هیچ نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری نەکرێت بە مەبەستی خەرج کردن و دابین کردنی بابەتەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە .

٤- مانگانە بە ڕاپۆرتێك لە ڕێگەی وەزارەتی کارەبا ئاگادارمان بکەنەوە لە سەر ئەو خەرجیانەی دەکرێت لە سەر ڕێژەی (٨%)ی سەرەوە .

٥- پێویستە ڕێژەی (٨%) ی سەرەوە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانەی تایبەت بەخۆی هەبێت لە بەڕێوەبەراتیە گشتییەکان بۆ ئەوەی بخرێتە سەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

**چوارەم:** ١- ڕێژەی (٢%) هاندان لە چوارچێوەی ڕێژەی(١٠%)ی سەرەوە بۆ هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە و هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی دابەش کردنی کارەبا لە سنووری گەنجینەی پەیوەندار بەپێی ڕێنماییەکان و لیستی ئامادەکراو لە کۆتایی هەر دەورەیەکی چاپی پسوولەی هاوبەشانی کارەبا لە سەر بوودجەی ئاسایی خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە ڕێژەی (٢%)ی داهاتی مانگانە تێپەرنەکات بەپێی کەشفی بانك و نابێت لە سەر داهات خەرج بکرێت .

٢- هەر ژمێرکارێك توانی بۆ هەر دەورەیەك ڕێژەی (٨٠٪) بەرەوسەرەوە بخوێنێتەوە بۆ هەر پسولەیەك بڕی(٢٠٠) دوو سەد دینار خەرج بکرێت بۆی و ئەگەر هەر ژمێرکارێك توانی ڕێژەی (٥٠٪) بەرەوسەرەوە پارەی داواکراو بە دەست بهێنێت بۆ هەر دەورەیەك ئەوا بڕی(١٥٠) سەد و پەنجا دینار بۆ هەر پسولەیەك بۆی خەرج بکرێت بە مەرجێك ژمێرکار دەبێت راپۆرتی مانگانەی هەبێت لە سەر سەرپێچی و بێ پێوەر و شکاندنی مۆر و هەر جۆرە سەرپێچیەکی تر .

٣- سەبارەت بە ژمێرکارانی پۆلەکانی میری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی گەورە ئەگەر توانی ڕێژەی (٨٠٪) بەرەوسەرەوە بخوێنێتەوە بڕی(١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانەیان بۆ خەرج دەکرێت بەمەرجێك راپۆرتی مانگانەی هەبێت لە سەر هەبوونی هەر جۆرە سەرپێچیەك .

٤- هەر ژمێرکارێکی گوندەکان ڕێژەی(٧٠٪) بەرەوسەرەوە بخوێنێتەوە ئەوا بڕی(٢٠٠) دوو سەد دیناری بۆ خەرج دەکرێت بۆ هەر پسولەیەك و ئەگەر توانی ڕێژەی (٥٠٪ ) بەرەو سەرەوە پارەی داواکراو کۆ بکاتەوە ئەوا بڕی (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینار بۆ هەر پسولەیەك بۆی خەرج بکرێت بۆ هەر دەورەیەك .

٥- خەرج کردنی بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ ئەو ژمێرکارانەی کە هەڵدەستن بە خوێندنەوەی پێوەری هاوبەشانی کارەبای گوندەکان ماڵان و میری و کشتوکاڵ و پیشەسازی وبازرگانی گەورە وەکو کرێی هاتووچۆ بۆ هەر خولێکی خوێندنەوەوە و بڕی(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ سەنتەری شارەکان خەرج بکرێت بە مەرجێك ئۆتۆمبیلی میری یان بە کرێ گیراوە بە کار نەهێنێت و شاند و سەفەری بۆ خەرج نەکرێت.

٦- خەرج کردنی بڕی (١٠٠) سەد دینار بۆ هەرپسولەیەکی خوێندنەوەی هاوبەشانی بەردەوام بۆ ئەو فەرمانبەرە ژمێریارانەی کە هەڵدەستن بەتۆمارکردنی زانیاری ژمێریاری و ڕێکخستنی دەفتەرەکانی وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیاری و هێنانی لیستەکان و کاری هاووڵاتی و خەزنەدارەکان و کارمەندانی کەشف و ووردبینی پسولە و داخل کردنی داتا و زانیاریەکان و پشکنینی پێوەر و کەشف و بەستنی پێوەرو گۆڕینی پێوەری کارەبا و مۆرکردنەوە بۆ کارمەندانی خزمەتگوزاری و پشکنینی پێوەری کارەبا وەکو هاندەر

٧- خەرج کردنی ڕێژەی(١٪)قەرزی وەرگیراو بۆ ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی قەرزی پارەی کارەبا کە لە دەورەکانی پێشوو ماوەتەوە بە مەرجێك هاندانەکانی لە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاتر نەبێت بۆ هەر کارمەندێك و ئەم قەرزە فەرمانگەکانی میری ناگرێتەوە و دیاری کردنی لیژنەکە بە فەرمانی کارگێری دەبێت کە لە پێنج کەس زیاتر نەبێت .

٨- نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا دوو دەرماڵەی هاندان پێکەوە خەرج بکرێت بۆ هەمان کەس .

٩- نابێت بڕی هاندانەکە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر بێت بۆ هەر دەورەیەك و لە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر بێت ساڵانە .

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/١وە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**